www.kurdistannet.org
13/07/2003 12:03

به ناوی کوردستانی گەورە !

# بەسەرهاتی خەبات

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com
٢٠٠٣/٦/٢٩

"خـەبات " یـكـێك لـە كوردگەلی ئاسایی شارێكی رۆژهەڵاتی كوردستانە. كاتێك ئەم كورە، بیست و حەوت ساڵ پێش، لە بنەماڵەیەكی مام ناوەندی كورددا لەدایك بو ، بە دابی كوردی نێوكـیان بـڕی، نایانە نێو بێژنگ و لە پاش حەوت رۆژ، مەلاباپیری پێش نوێژی مزگەوتی گەڕەكـیان هێنا، كە كۆلكە مەلایەكی پیری چەماوە بو ، بانگی دا بەگوێی دا و لەسەر ویستی مامـە عـومەری بـابی، حەوت جار بە دەنگێكی هەرە بەرزی گڕ، نەڕاندی و وتی "خەبات، خەبات ... "

پـاش چەند رۆژ، باوكی خەبات چو بۆ یانەی سەبت، ناسنامە بۆ خەبات وەرگرێ، كابرای مـیرزای سیجیل نووس، كە بە دابی ئەو شارە كوردنشینە ترك بو ، بە كوردیەكی تركێنراو، بە بابی خەباتی وت " كەكە عومەر ناوی كورە كۆرپە چی بێ ؟". كاك عومەر وەڵامی داوە و وتی، "مـیرزا عەبدولفەزل گیان خەباتی نۆكەرت ". میرزا ئەبولفەزل وتی " نابێ ناوی بەم جـۆرەی لـێ بنێـی، دوا رۆژ ئـەو هەناسەسـاردە دەیـەوی بچێتە بەهەشت و شت. نێوێكی عـیرفانی لـێ بـنێ، كـە لـە قەراغی جۆگە ئاوەكانی كەوسەر بكاڵێتەوە، دەمێكە دەستوور هاتـوە، دەبێ ناوەكان لە چوار چێوەیەكی دیاریكراودا بن ". كاك عومەریش، بۆ ئەوەی كە زەرەر لـە نـیوەی دا بگەڕێنێـتەوە و بیكاتە خێر، وتی :"عەبوبەكر (ئەبوبەكر) ی نۆكەرت باشـە ؟". مـیرزا ئەبـولفەزل وتی " هێشتا سەد شوكور بەمە ! ". جا لە ناسنامەكەیدا، كە ئێـرانی بـو، بـە زمـانی فارسـی نووسـی " ابوبكر"، فرزند عمر، متولد مهاباد "، واتە " ئەبوبەكـری كـوڕی عـومەر، لـەدایك بوی مەهاباد ". بەم جۆرە، كورەكە وەك خۆم بو بە خـاوەنی دو نـاو، ناوێـك بـۆ چـوونە بەهەشـت و ئـەم شـتانە و ناوێكـی دی بـۆ ژیانی راستەقینە، بەڵام خەڵك هەر پێیان دەوت خەباتی مام عومەر .

خـەبات بـەم چەشـنە هاتـە سـەر روی پسـات، كە هەم كورد بو ، هەم مەهابادی بو ، هەم ناسـنامەی ئێـرانی بـو و هـەم بـە ئاساییش دەژمێررا و ... . ئەم كۆرە، كە چاوی دەنكە سەوڵی، لە داوێنی دایكی دا، بۆمژینی شیر كەوتە هەوڵ، بە مسقاڵ نەیدەزانی كە چەندێك فـرەلایەنە هاتـوەتە دنیاوە و چەند كۆسپی زلە لەسەر ریگەی میزەگایلە (زیگزاگ) ی ژیانی دا هەیە . خۆ ، ئەگەر ئەمانەی بە خەوبش بدیایە، ئەگەر بە خۆی بوایە، قەت نەدەهاتەئەم جـیهانە دژە و هـەر لەسـەر بێـژنگەكەوە، رێگەی خۆی لاردەكردەوە و دەچو دەبوە منداڵی فەرانسەییەك، فڵانیك، یا هەر لەو كاتەوە دەبوە كۆچەرێكی پەرەوازە.
خەبات، رۆژ بە رۆژ گەورە بو و لە قوتابخانەی سەرەتایی، دەستی كرد بە دەرس خوێندن. تەماشـای كرد، كتێب گەلی وانە بە زمانێك نووسراوە، كە ئەو هەرى لە برى نەدەكردەوە، بـۆ وێـنە لـە بـاتی قسـە كـردن نووسیبوویان سوعبەت (سوحبەت) كردن و لەجێی بووك

نوسیبوویان عورووس (عەرووس) ، بە کورتی بە پێچەوانەی منداڵە فارسەکان، پێویست بو بەر لە هەموشتێک زمانێکی دووهەم بخوێنی. هەر چۆن بو ، زمانی فارسی فێر بو ، بەڵام ئێستاش زمانی ناهێنێ بڵێ " هێزار ڤێ شەست ڤێ چەهار (١٠٦٤) "، هەر وەک کوردەکانی دیکە دەڵێ " هەزارو شێستو چوار " بە کورتی هەرچی بەفارسی دەدوێ، دەڵێی بە گازی ناڵبەندی، ددان سازی دەکا، نیوەی وشەگەل ناکەونە بەر مەقاشی لێوی . هەر چۆن بو ، خەبات دیپلۆمی وەرگرت و چوە ریزی بە میلیۆن مروڤی بێ کار و بێ بار. وتی با بەلای کەمەوە، بچم لە زانستگە درەرس بخوێنم، بەشکو ببمە لیسانس، ئەگەر لیسانسم ببێ، کارێک هەر پەیدا دەکەم. لە کۆنکور (کێ بەرکێ) بەشداری کرد، زۆر نومرەی باشی هێنابو ، بەڵام ئەمە کافی نەبو ، دەبێ لە بەرنامەی گوزینش (هەڵبژێران) قەبووڵ ببێ، تا بچێ لەسەر قەرەوێڵەی زانستگەدابنیشێ. یانی دەبو ، چەشنە بارودۆخێکی رامیاری هەبێ، تا لە بێژنگی تەنگی گوزینش رەت بێ و رەت نەبێتەوە. بەڵام بە لای کەمەوە، بەم چوار هۆیەی خوارەوە قەبووڵ نەبو : کوردبوون، خەڵکی مەهاباد بوون، کوڕی عومەربوون و خزمی ▪▪▪ بوون، تازە هێڵەکی بێژاندنەوەی دیکەش زۆر بو ، بەڵام هەر بەم چوار هۆیەی سەرەوە، جەددوئابای نەیدە توانی تەنانەت بچێتە نێو حەوشەی زانستگەش، با کلاسی زانستگە لەولاوە بوێستێ. دیارە هیچ شتێکیش تەواو موتڵەق نیە !

هەر بەم دەلیلە، خەبات چوە ریزی بە میلیۆن بێکاری دیکە. جا ، لێبڕا بچێ ویزا وەرگرێ و بڕوا بۆ هەندەران، تا لەوێ کارێک بدۆزێتەوە، بەڵام بە دەلیلی ئەوەی کە پاسپۆرتی ئێرانی هەبو ، ویزاکەی رەت بوەوە و تیان "ناکا تۆش بچی بۆ ئۆڕوپا و ▪▪▪وخەریکی شت و مت بی". هەرچی هاواری کرد، شێر و رێوی هێناوە و وتی بابم ئەمن کوردم و کورد ▪▪▪ ە، عەبەدا کەس گوێی لێ شل نەکرد و بە هۆی ئێرانی بوون، وێزایان نەدایە.

ئیدی چارەی نەبو ، دەبو دیسان لە ناوخۆ ، بۆ کار بگەڕێ، یانی بۆ شتێکی وەک سیمورغی ئەفسانەیی. دەچوە هەر کوێیەک، بە وتەی کۆن، سێ دانە پیتی (پ) یان دەویست، پووڵ، پڵاو و پارتی (ئاشنا) ، کە خەبات هیچ کام لەمانەی نەبو و لە لایەکیشەوە، دیسان بۆ کارکردنیش، هێڵەکی گوزینش لە بەردەمی دا بو و خۆی دەیزانی لەوینەش، وەک زانستگە رەت دەبێتەوە. تازە هەر جێگەیەکیش بۆ کار دەچو ، بە فارسی لێیان دەپرس " از ▪▪▪ هاکە نیستید، نکند سرمان را ببرید "؟واتە " ▪▪▪ کە نیت، ناکا سەرمان ببڕی "؟. زۆر گەڕا، بەڵام کاری گیر نەکەوت. هیچ چارەی نەما ، مەگەر بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بە هیوای ئەمەی بە هەر لەون بێ، لەوێ کارێک پەیدا بکا، لە دڵی خۆیدا وتی " هەر ئەوێ باشترە، ئەگەر عیسان گورگیش بیخوا ، با گورگی وەتەن بێ، بەڵام لە کوردستانی بێ کارخانە و کارپەیداکردن ؟ لەوێش هێندە بۆ کار گەڕا و گیری نەکەوت، چەند جووت کەوشی مەحکەمی ئادیداسی دڕاند و لەولاوە بێکار دانیشت.

رۆژێک بە بیری گەیی، کە کارێکی کەسنەکردو بکا و تەوقی پیرۆز و سەوزی کوردبوون، مەهابادی بوون و چی و چی، لە ملی خۆی دابماڵێ و بە قەولی کوردی یا ئاڵ ئاڵ یا قوڵ قوڵ. دیسان بە دوای کاردا ، هەستا چوەوە بۆتاران. بەڵام نەک بە ناوی خەباتی، کوردی، خەڵکی مەهاباد، کوڕی عومەر و لەم شتە وەک بارووت پڕ لەمەترسیانە. لە تاران هەرچی

www.kurdistannet.org
13/07/2003 12:03

ئاگـاداری رۆژنامەی دەخوێندەوە و سەبارەت بە راگرتنی کارمەند بو ، دەچو تا بزانێ چیە.

بەڵام بەناوی غولامرەزا قومی، کوڕی عەلی نەغی، فارس، خەڵکی کاشان و ... . هەر یانە یـا شـەریکە یـە ک، کە بۆ کارپەیدا کردن دەچو ، ئافرەتە سێکرێتێرە کە، بە لاتیلەوە و بە لـێوی ناسک بەلگە سیرەوە، دەیپرسی " خەلکی کوێی "، خەباتیش، لە وەلامدا دەیوت " ئـەهلێ کاشـانەم "، یـانی " خەڵـکی کاشـانم "، ئافـرەت دەیوت ئەی چۆن کوردیت و لە کاشـانی و ...، ئەمـە وەک وشتر گا پلنگ وایە ؟" ئەویش لە وەلامدا دەیوت " لە بارزانیە ئاوارەکـانی ساڵی ١٣٥٤ م ". بەمە، بە بۆچوونی خۆی ئاردە شێلەی لە سەری ئافرەتە سەر شـیلاویەکە دەدا، بەڵـام ئافـرەت، کـە پسـپۆری وردە پرسـیار و مرسیار و ئەم شتانەبو ، درێـژەی دەدا و دەیـوت " ئـەی بۆچـی ناسـنامە کـەت لە مەهاباد دەرچوە، ئەی بۆ ناوت ئەبوبەکـرە، ئەی بۆ ناوی بابت عومەرە، ئەی بۆ سەرت خڕە (خەلکی کاشان سەریان وەک کالەک درێژە) ؛ ئەی بۆ بە ئاغا دەلێی ئاقا، ئەی بۆ .... برای من، تۆ چۆن دەتوانی تەوقی کوردبـوون لـە ملـی خـۆت داماڵـی ؟". کـەس ناتوانێ لە رەگەز و خۆێن، حاشا بکا ! ؛ کوا گرووپـی خـوێن دەگـۆڕرێ "؟. گەورەکچ (دوشیزە) ی سێکرێتێر ، لە دلی خۆیدا دەیوت ناکا ئەمـە لـە شـارەکەی خۆی سووچێک (خەتا) ێکی کردبێ ولە تاو ئەوەی نەیدۆزنەوە، خۆی حەشاردەدا ! – ئەگەر قسەیەکیش بۆ دز بکەین، گەورە کچ زۆر ناحەقیشی نەبو.

غولـامرەزا قومـی، خەڵـکی کاشـان و فلـان وفیسـار، زانی تەوقـی پـیرۆز و پرشـانازی کـوردایەتی، وەک کلا شـی مـام ئاشـەوان، هەرگیزاوهەرگیز لە ملی دەرنایە و تا قیامەت لەگەلـیەتی، سـەر لـە نوێ بووەوە بە خەباتی کوردی، خەلکی مەهاباد و کۆنە ئەبوبەکر و کـوڕی مـام عـومەر و زۆر باشتر بوی سەلما ، کە بێجگە لە خەبات لە رێگەی سەندنی مافی کـورد و کوردسـتاندا، هـیچ کوێـرە رێگەیەکـی دیکە بۆ خەبات و هیچ کوردێکی دیکە نیە - چارەنووسی ئەمەیە و ناتوانێ تەنانەت لەم چارەنووسە خۆشی بدزێتەوە !

قسە هەزارە و یەکێکیبەکارە :

- چـارەی خـەبات، تەنـیا خەباتە، بەڵام بە شێوەی ئەمڕۆ – بە چەکی زانست، تێکنیک، سەنعەت و مەنیق - تا لەوە زیادتر مافە رەواکانمان پاشێل نەبێ.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.